


## جوەیرییە

جويرية بنت الحارث بن أبي ضرار.

یەكێك لەشاژنە جوانەكانی موحەممەد جوەیرییەیە. پاش كوشتنو دەربەدەركردنی كەسوكارو هۆزەكەی, تەنها جوانییەكەی لەمردنو كۆیلایەتی رزگاری دەكاتو دەبێتە ژنی موحەممەد.

ابن هیشام لە مێژووەكەی خۆیدا دەگێڕێتەوە: لەساڵی شەشی كۆچی, لەنزیك ئاوێك بەناوی (الْمُرَيْسِيعُ) لە ناوچەی (قَدِيدٍ) شەڕێكی قورس لەنێوان موسڵمانانو هۆزی بەنی موصتەلیق رووی داوە, ئەو شەڕە بەسەركردایەتی خودی موحەممەد بووەو تێیدا موسڵمانەكان سەركەوتوون. ئەم مێژوونووسە باوەڕپێكراوە بەراشكاوانە باسی لەوە دەكات كە لەو شەڕەدا كارەسات روویداوەو كردەی تاڵانو ڕاووڕووت جێبەجێ بووە. موحەممەد لەو شەڕەدا كۆیلەو كەنیزەكێكی زۆری دەستكەوت بووەو هەندێكی دابەشی موسڵمانان كردووە.[1] ناوبراو لە دێڕێكدا بە دەق دەڵێت:

1 هەمان سەرچاوەو ناونیشان

وَقُتِلَ مَنْ قُتِلَ مِنْهُمْ وَنَفّلَ رَسُولُ اللّهِ صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ أَبْنَاءَهُمْ وَنِسَاءَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ.و..[2]

ئەوەی کوژرا, کوژرا..! هەرچی ژنو منداڵو سەروەتو سامانیشیان هەبوو نێردراوی خوا (موحەممەد, صەلەواتو سەلامی خوای لێبێت) ئەنفالی کردن.

عائیشە دەڵێت:

کاتێك کە ئیماندارەکانی خوا دەستکەوتەکانی هۆزی (بني مصطلق)یان دابەشکرد، ژنێك بەناوی (جويرية بنت الحارث) دەبێتە دیلی صەحابەیەك بەناوی (ثابت بن قيس الشماس)[3] ئەویش بۆ خۆی موکاتەبەی دەکات,[4] واتە هەر کاتێك جوەیرییە توانی برە پارەیەکی دیاری کراو بداتە ثابت ئەوە لەکۆیلایەتی رزگاری دەبێت.

عائیشە دەڵێت: جوەیرییە ژنێکی روخسار جوان بوو، هاتە لامان تا لە دەست (ثابت) پەنا بە موحەممەد بگرێو لەدەستی رزگاری بکات. (واتە بەبرێك پارە, یان بە هەر جۆرێکی دیکە,

---

2 سيرة النبوية. ابن هشام , غزوة بني المصطلق.

3 **یان کورە مامێکی** ثابت

4 سيرة النبوية. ابن هشام , غزوة بني المصطلق.

یارمەتی بدات) من (واتە عائیشە) کە جوەیرییەم لەبەردەم حوجرەکەی خۆمدا بینی, رقم لێهەڵسا, زانیم ئەگەر پەیامبەر ببینێ دەیبات بۆ خۆی. جوەیرییە هاتە ژوورەوەو بەپەیامبەری گوت: ئەی پەیامبەری خوا من جوەیرییەم, کچی حارثي کوڕی ئەبی زیرارم (سەرۆك هۆزی بني مصطلق) توشی بەڵاو سەرگەردانی هاتووم, بارم سوك بکە. (واتە من کچی سەرۆك هۆزەکە بوومو پاش کوشتنی کەسوکارو بەئەنفالکردنی هەموو هۆزەکەم, ئێستا زەلیلی کەسێکی ترم, کەمێك یارمەتیم بدە با لە دەست صەحابەکە رزگارم ببێت.) پەیامبەریش پێی دەڵێت ئەی چی دەڵێیت لەدەست ئەو رزگارت بکەمو ببیتە ژنی من.[5] بەم شێوەیە دەبێتە ژنی موحەممەد. ئەو رۆژەی کە جوەیرییە دەکەوێتە دەست موحەممەد, مێردی جوەیرییە, کەخۆشەویستییەکی قووڵی بۆ جوەیرییە هەبووە, بەو کۆیلەکردنو ئیغتیصابکردنە زۆر نارەحەت دەبێو شیعرێك بەسەر کوشتنی خۆیدا دەنوسێت.[6]

5 هەمان سەرچاوەو ناونیشان

6 ابو عبدالله, المنتخب من کتاب أزواج النبـــي. قصة تزوج النبي جويرية بنت الحارث بن أبي ضرار

موسڵمانەکانی ئێستاو مێژوو بە یەکێك لە ژنانی موحەممەد دەزانن, چونکە موحەممەد لە دیلێتی رزگاری کردووەو لە خۆی مارەی کردووە. بەڵام ئەوەیان لەبیرچووە کاتێك ئەم ژنە داوای ئازادبوونی خۆی کردووە لە بنەمادا ژنێکی ئازاد بووە. بەهۆی هێرشی موسڵمانانەوە کەسوکارەکەی کۆمەڵکوژ کراون‌و ئەمیش بۆتە ئافرەتێکی یەخسیرو کەسوکار ئەنفالکراو. لە پاشماوەی شارێکی وێرانەو شەڕێکی خوێناوی بەجێ ماوە. خودی موسڵمانان پشکی سەرەکییان لەو وێرانەو ئەنفالەدا بینیوەو خودی موحەممەد سەرۆکی سوپاکە بووە. واتە بەرنامەکەی خودی موحەممەدو شەریعەتەکانی ئیسلام لە ژنە ئازادێکەوە کردیانە کۆیلە. دواتر موحەممەد دێت‌و ئازادییەکەی خۆی بە خۆی دەفرۆشێتەوەو بەناوی کاری حەڵاڵی ئیسلامەوە دەیکاتە ژنی خۆی. گەر لەوێدا کەسێك هەبووایە ئەم ژنەی لە کۆیلایەتی رزگار بکردایە ئەم ژنە ئامادە نەبوو شوو بەکەسانێك بکات کە قەتلوعامی کەسوکارەکەی کردوون.